# ئاگربەست

فەخرەدین تاهیر

دوای بە دوای بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارێک لە ژێر ناوونیشانی ( لە کوردستان چیم دیت ) ، کە تەنێ لە کوردستان نێت دا، بێجگە لە پێشەکییەکەی پێنج زنجیرەم لێ بڵاوکردەوە. کۆمەڵێک دەستخۆشیم پێگەیشت لە خوێنەران و هەروەهاچەند هاوڕێیەکیشم لە ڕێی تەلەفۆن و ئیمێل بەسەریانکردمەوە و دەستخۆشییان لێکردم، منیش لەلایەن خۆمەوە سوپاسییان دەکەم.

بەڵام ئەوەی جێی گوتنە هەر لە دەستپێکی بڵاوکردنەوەی ئەم زنجیرە وتارانەمدا، هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانم بەبەردەوامی لەگەڵم لەتەماس دابوون و داوایان لێدەکردم،کە دەبێت دەست بەجێ ئاگربەست ڕابگەینم، هەرچەندە دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر لەو بڕوایەدا بووم تا هەر (13) زنجیرە وتارەکە بە کۆتا نەهێنم ، ئاگربەست ڕانەگەینم. بەهەرحاڵ ئەم چەند دۆست و هاوڕێیە بەڕێزانەم فشاری زۆرییان بۆ هێناوم، لەم حاڵەتەدا ناچار بووم بۆ ماوەیەک ئاگربەست ڕابگەینم. ئەم دۆست و هاوڕێیانەم بریتینە لە:

1- ( بەیان خان ) ی هاوسەری بەڕێزم.
2- بەدران ئەحمەد حەبیب بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، لە هەولێر.
3- حەمە سەعید حەسەنی شاعیر و ڕەخنەگر.
4- شاکر ڕۆژبیانی بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی پێشوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە هەولێر.
5- فوئاد سەدیق سەرنووسەری گۆڤاری هەرێم لە هەولێر.

ئەوەی جێی گوتنە هەموو ئەو بەڕێزانە پێشتر لەکێشەکەمدا کە لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەمبوو، هاوکار و پشتیوانم بوون، بەڵام دەکرێت بەجیا ڕۆڵی دیاری پوورزای بەڕێزم کاک فوئاد سەدیقی نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرامۆش نەکەم ، کە زۆر هاوکار و پشتیوانی لێکردم ، جێی ڕێز و سوپاسی بێ پایانمە.

بڕیامدا لەلایەنی خۆمەوەو یەک لایەنە ئاگربەستێکی گشتی و هەمەلایەنە و سەرتاسەری لە هەموو بەرەکانی شەڕی تەکنیکی و ستراتیجیدا ڕابگەینم، ئەم ئاگربەستە کە هەموو بەرەکانی شەڕ دەگرێتەوەو تا ئێستا وام ڕاگەیاندبوو کە تەنیا (13) بەرەیە، لە ڕاستیدا (130) بەرە بوو، بەڵام بۆ سووککردنی باری پاڵەپەستۆی دەروونی جەماوەری خوێنەران، سفرێکم لە ژمارەکە هەڵگرتبوو.

ئەم ئاگربەستە لە ڕۆژی( 28 ی ئابی 2005 و دەمژمێری 12 ی نیوە شەو بە کاتی ناوەندی ئەوروپا ، کە دەکاتە دەمژمێری 2 ی شەو بەکاتی هەولێری پایەتەخت) ، دەست پێ دەکات و ماوەی (6) مانگ دەخایەنێ، واتە تا (28) ی شوباتی ( 2006 ).

لەم ماوەیەدا من ڕوو لە کوردستان دەکەمەوە و بۆ بەشداری لە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری وڵاتەکەم، ئەم شەڕ و شۆڕانەی ساڵانی رابردوو کاتێکی زۆری لە من گرتبوو و دووری خستبوومەوە لە پرۆژەی جدی. بەڵام لەمەودوا نووکی قەڵەمەکەم سەر بەرەو خوار شۆڕ دەکەمەوە و بەڵێن دەدەم یەک وشەی گڕدار لەم قەڵەمەی منەوە دەرنەچێ، لەم ماوەیەشدا وەڵامی کەس نادەمەوە. داوا لە خوێنەرە بەڕێزەکانیشم دەکەم کەوا دان بە خۆیاندا بگرن و لەو کاتانەی کە پەلامار و هێرشم دەکرێتە سەر ، هەڵنەچن و تووڕە نەبن.

ئەوەی جێی گوتنە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان داب و نەریتێکییان چێکرد و تا ڕۆژگاری پێش ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش ئەم داب و نەریتە درێژەی هەبوو، هەر کاتێک هێزێکی پێشمەرگە بەرەو بەرەکانی شەڕدا چەکییان بکردابوایە شان ، لوولەی تفەنگەکانییان ڕوو لە ئاسمان دەکرد. بەڵام ئەگەر لوولەی تفەنگەکانییان سەر بەرەو خوار شۆڕ بکردابوایە ئەوە بەو مانایە دەهات کە لە شەڕدا نینە و نیازی شەڕییان نییە. هەڵبەتە ئەمنیش هەر بەو مەبەستە دەڵێم نووکی قەڵەمەکەم سەر بەرەو خوار شۆڕ دەکەمەوە، چونکە کولتووری شۆڕشی ئەیلوول ئەگەر کاریگەری زۆری لەسەر هەر تاکێکی کورد بە جێهێشت بێت، ئەوا بێگومان ئەم کولتوورە بەرزە کاریگەری خۆی لەسەر منیش هێشتۆتەوە.

باشترین وەڵام بۆ شەڕخوازان وشەی بنیاتنەرە و، ئیتر من هیچ وەڵامێکی قەڵەملێس و جاشکە نووسەرێک نادەمەوە کە بەناهەق پەلامارم دەدەن.

ئیتر هەموو لایەک بە کورد و کوردستان دەسپێرم و کوردستانیش هەردەم ئازاد و ئاوەدان بێت.

ستۆکهۆلم 28 . 8. 2005

fakhradintahir@hotmail.com